{ بڕۆن و موژدەی شانشینی خودا جاڕبدەن }

ڕێبەری دەیەم

بۆ ڕابەرانی کۆمەڵەکان

پێشەکی

ئینجیلی شانشین چی یە ؟

ئینجیلی شانشین هەواڵی خۆشە لەبارەی شانشینی خوداوە . بەشێوەیەکی گشتی ، دەکرێ پێناسەی شانشینی خودا بکرێ بەوەی خودا فەرمانڕەوایی دەکات بە سەروەریی خۆی وە پاشایە بەسەر هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتێکدا لە جاویدانەوە تا هەتایە (زەبور ٢٤: ١؛ ١٤٥: ١٣) . وە بەشێوەیەکی تایبەت و زیاتر دیاریکراو ، شانشینی خودا فەرمانڕەوایەتی سەروەرانەی خودایە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە (مەتا ٢٨: ١٨) . شانشینی خودا لەسەر بنەمای کاری ڕزگاریی تەواوەتی مەسیح بونیاد نراوە (کردار ٢: ٣٦) ، وە باوەڕدارانیش سود لەم کارە ڕزگاریە دەبینن بۆ ژیانیان لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە (ڕۆما ١٤: ١٧) . شانشینی خودا هەستی پێدەکرێ ودەبینرێ لە دڵی باوەڕداراندا (لۆقا ١٧: ٢٠- ٢١) ، وە کار دەکات لە ژیانیاندا . شانشینی خودا لە چوار لایەنی بینراودا دەردەکەوێت : لە ڕزگاری تەواوەتی باوەڕداراندا لە سەرەتاوە تا کۆتایی (مەرقۆس ١٠: ٢٥- ٢٦) ، وە لە دامەزراندنی باوەڕداران و ڕێکخستنیان لە یەك کڵێسای سەر زەوی (مەتا ١٦: ١٨- ١٩) ، وە لەکار چاکەکانی باوەڕداران و کاریگەری باشەو چاکەیان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی (مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠) ، وە لە کۆتاییدا لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ ئەوەی خودا بەدی دەهێنێ لە هاتنەوەی دووەمی خوداوەند عیسای مەسیح دا (١کۆرنسۆس ١٥: ٢٤- ٢٥) .

کەی بە ئینجیل موژدەی شانشینی خودا جارِ دەدرێت ؟

لە هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح دا ، عیسای مەسیح بە ئینجیل جارِی موژدەی شانشینی دا (مەرقۆس ١: ١٤- ١٥ ؛ مەتا ٤: ٢٣) . وە زیاتر لە پەنجا نمونەی باس کرد زۆربەیان تایبەت بوون بە شانشینی خودا . لەو نمونانەدا عیسای مەسیح فێرمان دەکات لەبارەی سروشتی شانشینی خودا ، بەتایبەتی لەبارەی چۆنیەتی چوونە ناو شانشینی خوداو چۆنیەتی ژیان کردن تیایدا. لە کۆتاییدا عیسای مەسیح فەرموی : " ئەم مزگێنی پاشایەتییەش لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەك شایەتییەك بۆ هەموو

نەتەوەکان، ئینجا کۆتاییەکە دێت." (مەتا ٢٤: ١٤) . ئیدی بەم شێوەیە ، دوای دامەزراندنی کڵێسای مەسیح هسەر زەوی ، باوەڕداران دەستیان کرد بە مزگێنیدان بە ئینجیل و بانگەوازی شانشینی خودا (کردار ٨: ١٢؛ ١٩: ٨ ؛ ٢٠: ٢٤- ٢٥ ؛ ٢٨: ٢٣ ، ٣١) . جارِدانی موژدەی شانشینی خودا و ژیانکردن تیایدا بە پێی ئەو شانشینیە و بەپێی هەمان ئەو جارِدانی موژدەیە و بانگەوازە ئەرکی هەموو باوەڕدارێکی مەسیحە لە ئەمڕۆدا .

ئامانجی چوار ڕێبەرەکەی ڕێنمایی تایبەتە بە مزگێنیدانی شانشینی خودا

ئەم بابەتە یارمەتیدەرە و وا دەکات مزگێنیدان بە شانشینی خوداو فێرکردن لەبارەیەوە دوو شتی کارا بن و یارمەتی ڕابەری کۆمەڵەکە یان وتاردەر و مامۆستا دەدات بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- هەر یەك لە چوار ڕێبەری ڕێنماییەکەی تایبەت بە جارِدانی موژدەی شانشینی خودا ١٢ وانە لە خۆ دەگرێ و دەکرێ لە ماوەی سێ مانگدا لێکۆڵینەوەی بکرێت .

٢- شایەتیەکانی کتێب گرنگن ویارمەتی خوێندکار دەدات لە ناسینی مەسیح و زانیاری لەبارەی شانشینیەکەیەوە کتێبی پیرۆزەوە .

٣- ڕابەری کۆمەڵەکە دەتوانێ سود وەربگرێت لە پرسیارەکان و داوا بکات بەشی ئاماژە پێکراو لە شایەتیەکانی کتێبی پیرۆز بخوێننەوە پێش گفتوگۆکردن لەبارەیەوە .

٤- خستنە ڕووی تێبینیەکان ، دەکرێ تێبینیەکان کورتەیەك بن لە وەڵامی هەر پرسیارێك و ئەو تێبینیانەش دەبنە ڕێبەرێك بۆ ڕابەری کۆمەڵەکە .

٥- ئەم ڕاهێنانە شیوازێکی کردەیی لە جارِدانی موژدەی شانشینی خوداو فێرکردن لەبارەیەوە فێر دەکات و هەروەها یارمەتیدەرە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی کردەیی لەنامەی ڕۆما لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵەیەکی بچوک .

٦- هەر وانەیەك ئەركی ماڵەوەی هەیەو دەكرێ بدرێت بە خوێندكارەكان.

٧- دەكرێ ئەم ڕاهێنانە بگوازرێتەوە بۆ كەسانی تر ، هەر كاتێ خوێندكارەكان دوازدە وانەكەیان تەواو كرد دەكرێ لەگەڵ كۆمەڵەی بچوكی دیكەدا بەشداری پێبكەن و هەر یەكەیان كۆپیەكەیان بدرێتێ .

نوێژ دەكەین خوداوەند لە ناوچەكەتدا مزگێنیدەر و مامۆستا و وتاردەر و ڕابەری كۆمەڵەكان زۆر بكات .

دروێنە زۆرەو دروێنەكار كەمن (مەتا ٩: ٣٧) !

نوێژ دەكەین كارەكانتان خوداوەند شكۆدار بكات (ڕۆما ١١: ٣٦) !

ناوەڕۆكی ڕێبەری دەیەم بۆڕابەری كۆمەڵەكان

<u>پرۆگرامی ڕاهێنانی یەكەم</u>

پرۆگرامێكی هەفتانەیەو ماوەكەی سێ مانگەو هەر هەفتەو دوو كاژێر دەخایەنێت ، كۆمەڵەیەكی بچوك پێكبهێنە بریتی بن لە ٣ بۆ ١٠ كەس هەر وانەیەك بە نوێژ دەست پێدەكات وبە نوێژ و ئەركی ماڵەوە كۆتایی پێ دێت .

وانەی ١٣ بەشداریكردنی خەڵوەتی ڕۆحی (١پاشایان ٣، ١٧ ، ١٨) . لەبەركردن (سروشتی كڵێسا ١پەترۆس ٢: ٥) فێركردن (نمونەیەك لەسەر مەرجی چوونە ناو شانشینی خودا) نمونەی داوەتی پاشا .

وانەی ١٤ بەشداریكردنی خەڵوەتی ڕۆحی (٢پاشایان ٥، ٦، ١٧ ، ٢٥) لەبەركردن (كارەكانی كڵێسا وچالاكیەكانی) كردار ٢: ٤٢ ، وانەی كتێب (ڕۆما ٤: ١- ١٧)

وانەی ١٥ بەشداریكردنی خەڵوەتی ڕۆحی (٢هەواڵی ڕۆژان ١٦، ١٨ ، ٢٠ ، ٢٦) لەبەركردن خزمەتەكانی كڵێسا ، ئەفەسۆس ٤: ١٢- ١٣ ،

فێرکردن (نمونە هبارەی بەرپرسیارێتی چوونە ناو شانشینی خودا ، نمونەی دوو کوڕەکە و نمونەی هەنجیری بێ بەر .

وانەی ١٦ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (٢هەواڵی ڕۆژان ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٦) لەبەرکردن (ئەرکەکانی ڕابەرانی کڵێسا ، کردار ٢٠: ٢٨ ، وانەی کتێب (ڕۆما ٤: ١٧- ٢٥) .

وانەی ١٧ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ١، ٢، ٥، ٨) لەبەرکردن (شکۆ لە کڵێسادا : ئەفەسۆس ٣: ٢٠- ٢١)

فێرکردن (نمونەیەك لەبارەی هەڵوێستی خودا کە خۆشحاڵی و پێشوازیە لە ونبوەکان بۆ شانشینی خودا) نمونەی مەڕی ونبوو ، وە نمونەی کوڕی ونبوو .

وانەی ١٨ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ١٠، ١١، ١٤، ١٥) لەبەرکردن (پێداچونەوە بکە بۆ ئەو ئایەتانەی لەبەرکردن کە تایبەتن بە کڵێسای مەسیحیەت) وانەی کتێب (ڕۆما ٥: ١- ١١)

وانەی ١٩ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ١٦، ١٨ ، ١٩ ، ٢٢) لەبەرکردن ڕۆما ٤: ٥ ، فێرکردن نمونەیەك لەبارەی خۆشەویستی زۆر بۆ کەسانی تر لە شانشینی خودا) سامیریە چاکەکارەکە .

وانەی ٢٠ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ٢٣، ٢٤ ، ٢٥ ، ٢٧) لەبەرکردن ڕۆما ٥: ١- ٢ ، وانەی کتێب ڕۆما ٥: ١٢- ٢١)

وانەی ٢١ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی زەبور ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤) لەبەرکردن ڕۆما ٥: ٣- ٤ . فێرکردن نمونەیەك لەبارەی ساکاری لە شانشینی خودا ، نمونەی ئەو شوێنانەی تایبەتکراون بۆ زەماوەندەکەو نمونەی فەریسی وباجگر .

وانەی ٢٢ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی زەبور ٣٧ ، ٣٨ ، ٤٠ ، ٤٩

لەبەرکردن ڕۆما ٦: ١٣ ، وانەی کتێب ڕۆما ٦: ١- ١١ .

وانەی ٢٣ بەشداری کردنی خەڵوەتی ڕۆحی زەبور ٥٠ ، ٥١ ، ٥٨ ، ٦٢ . لەبەرکردن ٦: ٢٣ ، فێرکردن نمونەیەك لەبارەی لێخۆشبوون لە شانشینی خودا ، نمونەی کۆیلە بێ بەزەییەکە.

وانەی ٢٤ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی ، زەبور ٧١ ، ٧٣ ، ٧٨ ، ٨٢ ، لەبەرکردن پێداچوونەوە بکە بۆ پێنج ئایەتەکەی نامەی ڕۆما . وانەی کتێب ڕۆما ٦: ١٢- ٢٣ .

نمونەی زیاتر

پاشکۆی ١ نمونەی دەرگای تەنگ و نمونەی داوەتێکی مەزن

پاشکۆی ٢ نمونەی ئەو منداڵانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دانیشتوون و نمونەی نیشانەکانی کەش و هەوا و نمونەی تۆڕی ڕاوکردن

پاشکۆی ٣ نمونەی مەڕی ونبوو (مەتا) نمونەی درهەمی ونبوو.

پاشکۆی ٤ نمونەی گەڕانەوەی ڕۆحی پیس و نمونەی دوو قەرزارەکە.

پاشکۆی ٥ نمونەی دوژمن ،

پاشکۆکان بڕوانە پاشکۆی ١ لە ڕێبەری لێکۆڵینەوەی ٩ .

شێوازی خەڵوەت بەسەربردن و لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز و تێڕامان ولەبەرکردن : بڕوانە پاشکۆکانی هاتوو لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی یەکەم بۆ ڕابەرانی کۆمەڵەکان .

<u>پڕۆگرامی ڕاهێنانی دووەم</u>

پڕۆگرامێکی چڕوپڕە و دەکرێ ڕۆژێکی تەواو و یەکجار لە هەفتەیەکدا بەکاربهێنرێت . یان لە شێوەی کۆنفرانسێکی تایبەت بە ڕاهێنان و ماوەی شەش ڕۆژ بخایەنێت . کۆمەڵە گەورەکان دابەش بکە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووک کە بریتی بن لە تەنها ٣ بۆ ١٠ کەس و ڕابەری ڕاهێنراو سەرپەرشتی هەر یەك لەو کۆمەڵانە بکەن .

پرۆگرامی پێشنیارکراو : ٠٩: ٠٠ – ٠٩: ٣٠ پەرستن وستایش بە کۆمەڵ .

٠٩: ٣٠- ١١: ٠٠ فێرکردن بە کۆمەڵ

١١: ٣٠ – ١٣: ٠٠ وانەی کتێبی پیرۆز بە کۆمەڵ

پشوو

١٦: ٠٠ – ١٧: ٠٠ کاتی درێکژکراوە بۆ کۆتایی هێنان بە فێرکردنەکان یان وانەی کتێب یان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یانیش فێرکردنی زیاتر (بەکۆمەڵ)

پشوو

١٧: ٣٠ – ١٧: ٤٥ لەشێوەی گروپی دوانەیی تێڕامان ولەبەرکردن .

١٧: ٤٥- ١٨: ٣٠ بە تەنهایی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا .

١٨: ٣٠- ١٩: ٠٠ خەڵوەتی ڕۆحی بە گروپی دوانەیی (دووبەدوو) .

١٩: ٠٠- ١٩: ٤٥ نوێژو بەشداریکردن (بە کۆمەڵی بچوک کە زیاتر نەبن لە ١٠ کەس) .

ڕۆژی یەکەم : وانەی ١٣ و ١٤ نوێژ فێرکردن (نمونە لەبارەی مەرجی چوونە ناو شانشینی خودا) وانەی کتێب (ڕۆما 4: ١- 17) لەبەرکردن (1پەترۆس ٢: ٥ وە کردار ٢: ٤٢) خوێندنەوەی کتێب (١پاشایان ٣، ١١، ١٧ ، ١٨ ؛ ٢پاشایان ٥، ٦، ١٧ ، ٢٥)	ڕۆژی چوارەم : وانەی ١٩ و ٢٠ نوێژ فێرکردن (نمونەیەك لەبارەی خۆشەویستی زۆر لە شانشینی خودا) وانەی کتێب (ڕۆما ٥: ١٢- ٢١) لەبەرکردن (ڕۆما ٤: ٥ وە ڕۆما ٥: ١- ٢) خوێندنەوەی کتێب (زەبور ١٦ ، ١٨ ، ١٩ ، ٢٢ ،

خەڵوەتی ڕۆحی (لە گروپی دوانەییدا : ١پاشایان ١٨) بەشداریکردن ونوێژ ڕۆژی دوەم وانەی 15 و 16 نوێژ فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی بەرپرسیارێتی چوونە ناو شانشینی خودا) وانەی کتێب ڕۆما 4: 17- ٢٥ لەبەرکردن ئەفەسۆس 4: 12-13 وە کردار ٢٠: ٢٨) خوێندنەوەی کتێب ٢هەواڵی ڕۆژان ١٦ ، 18 ، 20 ، 26 ، 32، ٣٣، ٣٤ ، ٣٦) خەڵوەتی ڕۆحی لە گروپی دوانەییدا ٢ هەواڵی ڕۆژان ٢٠) بەشداریکردن و نوێژ ڕۆژی سێ یەم وانەی ١٧ و١٨ نوێژ فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی هەڵوێستی خوداو خۆشحاڵی لە پێشوازی کردنی ونبوەکان لە شانشینی خودا) وانەی کتێب ڕۆما ٥: ١- ١١ لەبەرکردن ئەفەسۆس 3: 20- 21 پێداچونەوەی زنجیرەی تایبەت بە شانشینی خودا) خوێندنەوەی کتێب (زەبور ١، ٢، ٥، ٨، ١٠، ١١، ١٤، ١٥) خەڵوەتی ڕۆحی لە گروپی دوانەییدا : زەبور 2) بەشداریکردن و نوێژ	٢٣ ، ٢٤، ٢٥ ، ٢٧) خەڵوەتی ڕۆحی (لە گروپی دوانەییدا : زەبور ١٨) بەشداریکردن ونوێژ ڕۆژی پێنجەم : وانەی 21 و22 نوێژ فێرکردن (نمونەکان لەبارەی ساکاری لە شانشینی خودا) وانەی کتێب (ڕۆما ٦: ١- ١١) لەبەرکردن (ڕۆما ٥: ٣- ٤ وە ڕۆما ٦: 13) خوێندنەوەی کتێب (زەبور ٣١ ، ٣٢ ، ٣٣ ، ٣٤ ، ٣٧ ، ٣٨، ٤٠ ، ٤٩) خەڵوەتی ڕۆحی (لە گروپی دوانەییدا : زەبور ٣٤) بەشداریکردن ونوێژ ڕۆژی شەشەم : وانەی 23 و 24 نوێژ فێرکردن (نمونەکان لەبارەی لێخۆشبوون لە شانشینی خودا) وانەی کتێب (ڕۆما ٦: ١٢- ٢٣) لەبەرکردن (ڕۆما ٦: ٢٣ وە پێداچونەوەی دوایین پێنج ئایەتی لەبەرکردن لە ڕۆما) خوێندنەوەی کتێب (زەبور ٥٠ ، ٥١ ، ٥٨ ، ٦٢، ٧١، ٧٣، ٧٨ ، ٨٢) خەڵوەتی ڕۆحی (لە گروپی دوانەییدا : زەبور ٥١) بەشداریکردن ونوێژ